# بەشی دووەم: مێژووی شام

د. دلێر فرحان

## ٢-١ ناوی شام:

بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ناوی شام، بەڵام بەگشتی ئەو ناوە (سوریا، فەلەستین، لوبنان و ئوردن) دەگرێتەوە، دەلێن ناوی شام بۆ (سام بن نوح) دەگەڕێتەوە کە بە سریانی لفظ کرایە بویتە شام.

هەندێکی تر لە مێژوونووسان بۆچوونیان وایە لە (شامات) هاتووە، واتە (خاڵ)، چونکە خاکی شام بەردی سپی و ڕەشو سوری تێدایە، بۆیە وەکو خاڵ خۆی نیشان دەدات، لەوانە مسعودی لە کتێبی (مروج الذهب) و شیخ الربدة لە کتێبی (نخبة الدهر) و ابن عساکر لە کتێبی (تاریخ الدمشق) و المقدسی لە کتێبی (احسن تقاسیم).

هەندێکی تر بەتایبەتی عەربەکان پێیان وایە ناوی شام دەگەڕێتەوە بۆ (شیمال- چەپ)، گوایە ناوچەی شام دەکەوێتە شیمالی کەعبە، هەروەک چۆن یەمەن دەکەوێتە (یمین- ڕاستی) کەعبەی لە وەوە هاتووە.

هەندێکی تر پێیان وایە لە (تشاؤم- ڕەشبین) هاتووە، چونکە هەندێک هۆز کۆچیان کردوە بۆ ئەو ناوچەیەی زۆر ڕەشبین و ناڕەحەن بوونە بۆیە دەکرێ لەوەی هاتبێ.

هەندێکی تر دەڵێن گوندەکانی شام زۆر لێک نزیک بوونە کە تەماشا دەکەی وەکو (خاڵ- شامات) خاڵ خاڵ خۆی پیشانداوە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە خەڵکی عێراق (امورو- مارتو) یان بەکارهێناوە بۆ خەڵکی شام، بە زمانی سۆمەری (مارتۆ) مانای ڕۆژئاوا دەگەیەنێ، یانی بەنسبەت عێراق شام دەکەوێتە ڕۆژئاوایان.

ناوی سوریاش ناوەکی یۆنانیە وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن کە ئەسڵەکەی لە ناوی (سریون) کە ناوێکی سامیە.

## ٢-٢ شوێنی جوگرافیای وڵاتی شام

وڵاتی شام ناوچەیەکی زۆر گەورە بوو کە پێکهاتبوو لە (سوریا، فەلەستین، لوبنان، ئوردن)، لە باکور چیای تۆرۆس و لە باشور بیابانی میسر بوو، لە ڕۆژهەڵات بیابانی عێراق بوو، لە ڕۆژئاواش دەریای ناوەڕاست.

ئەو شوێنە جوگرافیە وایکردووە ناوچەی جۆراوجۆرو ئاوهەوای جۆراوجۆر و نەتەوەی تضاریس لە وڵاتی شام پەیدا بێت، بۆ نموونە دەبینین کەش و هەوای دەریای ناوەڕاستی هەیە مەناخی قاری هەبوو (کیشوەری) هەم مەناخی (ساحلي) کەناری ، جگە لەوە لەڕووی تۆپۆگرافیاش خاکەکەی جۆراوجۆر بوو کە کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر شارستانیەتی ئەو ناوچەیە (تنوعی تضاریس) وایکردووە ناوچەی (چیا، بیابان، بادیە، دەشتای، گرد)ی زۆری هەبێت لەبەربوونی دەریای ناوەڕاست، بێگومان کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر مێژووی شام ئەمە وایکردبوو وەحدەکی سیاسی یەکگرتوو گونجاو دروست نەبێت لە وڵاتی شام لەڕووی جوکمڕانیەوە، بەهۆی ئەم تۆپۆگرافیەوە، وایکردووە وڵاتی شام کراوە بێت بۆ هۆزی جۆراوجۆر و هێرش و کۆچی هۆزە جۆراوجۆرەکان رلەکاتی جیاوازەکان بۆ وڵاتی شام.

## ٢-٣ گرنگی شوێنی جوگرافی شام:

١- یەکێک لە گرنی شوێنی جوگرافی ئەوە بوو کەوتۆتە نێوان سێ کیشوەر (ئاسیا، ئەفریقیا و ئەوروپا) کە گرنگی ستراتیجی هەبوو.

٢- هەروەها هەڵکەوتە جوگرافیەکەی وایکردووە ناوەند بێت لە نێوان دووشارستانی زۆر گەورە (میسۆپۆتامیا) لە ڕۆژهەڵات و میسر (نیل) لە باشوور، طەها باقر دەڵێت" بوونی ئەم دوو شارستانیەتە مەزنە وایکردووە شام نەبێتە خاوەن شارستانیەتێکی تایبەت بەخۆی".

٣- لەبەرئەوەی ناوچەیکی کراوەبووە بویتە هۆی کۆچکردنی ئەقوامەکانی سامی و ئەقوامی تری جۆراوجر بۆ وڵاتی شام.

٤- کاریگەری زۆری هۆزەکانی هندۆ ئەوروپیشیان لەسەر بووە، لەبەرئەوەی کراوە بووە لەلایەن ڕۆمان و یۆنان لەڕووی دەریای ئیجە ئەو ناوچە، هەروەها کاریگەری فارسەکان و هندەکان لە ووشکانی کاریگەریان لەسەر شام داناوە.

٥- گرنگی وڵاتی شام لەوەدایە ناوچەیەک بووە دوو ئاینی زۆر گەورەی ئاسمانی تێدا سەری هەڵداوە، ئەویش (یوهوودیەت و مەسیحی) بوو، کاریگەری هەبووە لەسەر وڵاتی شام.

٦- گرنگی شوێنی جوگرافی شام وایکردووە هەندێ هۆز تێیدا نیشتەجێ بن، ئەو ئەقوامانە کاریگەری زۆریان هەبووە هەم لەڕووی مێژووی سیاسی و شارستانیەتی وڵاتی شام، لەوانیش (ئاموریەکان، کەنعانی، فینیقی، ئارامیەکان و عیبریەکان).

### ٢-٤ سەرچاوەکانی مێژووی وڵاتی شام:

سەرچاوەکانی دیراسەی وڵاتی شام (مادی و نووسراو):

**یەکەم: سەرچاوە مادییەکان:** کەلوپەلی بەردینی و پێداویستیە سادەکان لە سەردەمە کۆنەکان وەکو (داس، ختم، پەیکەر)، ئەوانە لە ڕێگەی هەڵکۆڵینەوە دۆزراونەتەوە و بەشێکن لەسەرچاوەی دیراسەی وڵاتی شام.

**دووەم: سەرچاوە نووسراوەکان:**

١- دەقی پاشاکان: دەقی پاشاکانی ئەو هۆزانە دەگرێتەوە کە حوکمڕانی وڵاتی شامیان کردووە لەسەردەمە مێژوویە جیاوازەکان، ئەو دەقانە زۆر گرنگ بوونە بەنسبەت وڵاتی شام، چونکە زنیاری زۆر گرنگی تێدایە سەبارەت بەم وڵاتە، جا چ خشتەی پاشاکان بێت چ کاروباری مەلیکەکان بێت.

٢- دەقی بازرگانی و ئابووری و ئیداری: ئەوانەش زانیاری گرنگی تێدایە دەربارەی وڵاتی شام و مێژووەکەی وەکو دەقی تایبەت بەنرخەکان و کارگێڕی و ئیرادەدانی هۆزەکان ئەو میرنشین و دەوڵەتانەی کە دامەزرابوون.

٣- دەقی بزماری خەڵکی عێراق: لەبەرئەوەی شام کراوە بوو، وە لە کۆن سنور نەبووە بۆیە تێکەڵاوی زۆر هەبوو لەگەڵ عێراق و شام، هەندێک لەو دەقە بزماریە عێراقیانە باس لە هێرشەکانیان دەکەن بۆ سەر یەکتر و کاتێ مامەڵەی بازرگانیان کرایە و کاتێ پەیوەندی دبلۆماسیان هەبووە و کاتێ شەڕیان کردیە، زۆر ئەقوام هەبووە لە عێراقەوە چوونە شام یان لە شامەوە هاتینە عێراق و حوکمڕانیان کردیە، بۆنموونە (ئاموریەکان) ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی بابل دەکەن و چەندەها دویلاەت و ئیماراتیان دامەزراند، یاخود (کلدانیەکان- ئارامیەکان) لە هەردوولا حوکمیان کردووە و هاتوچۆو پەیوەندیان هەبووە.

٤- دەقی نووسراوی میسرییەکان: کە زانیاری زۆری تێدایە باسی وڵاتی شامیان کردیە، لە زۆر فەترە پەیوەندی هەبوو بەتایبەتی لەسەردەمی ئیمپراتۆریات و سەردەمی دەوڵەتی نوێ، معسکرات و قاعیدەی عسکەری هەبوونە لە سوریا و فەلەستین و لوبنان، بەتایبەتی نامەکانی (تل العمارنە) کە ٣٠٠ نامە بوو بەشێکی پەیوەندی بە وڵاتی شام هەبوو.

٥- کتێبە نووسراوەکانی وەکو تورات.

٦- سەرچاوەکانی مێژوویی و جوگرافی یۆنان و ڕۆمانەکان.

٧- سەرچاوەی عەرەبی موسڵمانەکان.

## ٢-٥ مێژووی چاخە بەردینەکان  لە وڵاتی شام

### ٢-٥-١ مێژووی سەردەمی بەردینی و ناوەڕاست

سەرچاوەکان باس لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاست بەیەکەوە دەکەن لەسەر وڵاتی شام، وا تەقدیر دەکەن کە ٢٠٠ هەزار ساڵ ١٥٠ هەزار ساڵ پ.ز بووە ئەو سەردەمە.

مرۆڤ لەو سەردەمە زۆر سادە ژیاوە لە ئەشکەوتەکان، خەریکی کۆکردنەوەی خواردن بوو، بیرکردنەوەی کەم بوو، سەرچاوەکان باسی دەکەن لەو سەردەمە لە زۆر شوێن کەلوپەلی جۆراوجۆری سادە دۆزرایەتەوە وەکو (داس) کە لە بەرد دروستکراوە، هەروەها باسی لەوە دەکەن کە ئێسک و هەیکەلی مرۆڤ نەدۆزرایەتەوە لەو سەردەمە، هەتاکو ناوەڕاستی سەردەمی بەرینی کۆن لە چیای (کرمک) ئێسکی مرۆڤ دۆزرایەتەوە لە ساڵەکانی ١٠٠ هەزار پ. ز.

جگە لە پاشماوەی حەیواناتی جۆراوجۆر لەو ناوچانە کەڵوپەڵی بەردینی جۆراوجۆر دۆزرایتەوە وەک لە ئەشکەوتی (عدوان) لە ناوچەی نهر الکلب، انطلیس، نهر البراهیم، بەڵام هیچ پاشماوەی مرۆڤ نەدۆزراوەتەوە هەتاکو ناوەڕاستی سەردەمەکە وەکو ئاماژەمان پێکرد. ئێستاش زۆربەی ئەو پاشماوانە پارێزراون لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت.

## ٢-٥-٢ سەردەمی بەرینی نویَ و کانزایی:

لەو سەردەمە ئاژەڵداری نیشتەجێ بوون، فخار پەیدا دەبێت، لە زۆربەی ناوچە پاشماوە دۆزراوەتەوە وەکو لە گوندی (جریکۆ) لە أریحا، گوندێکی کشتوکاڵی بوو ٣٨٠٠ پ.ز، کەلوپەلی کانزایی دۆزرایەتەوە لە تلعماری پایتەختی ئەخناتۆن لە میسر، لە ئۆرغاریت لە وادی نطوف.

## ٢-٦ دانیشتوانی وڵاتی شام

### یەکەم: الأموريون/ العموريون

نەتەوەیەکی کۆنن لە هەزارەی سێیەم پ.ز لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و جەزیرە و وڵاتی شام دەرکەوتوونە، بەڵام لە هەزارەی دووەمی پ.ز بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بڵاوبونەتەوە.

**ناویان:** لە نووسینە ئەکەدییەکان بە (أمورو) و، لە سۆمەریشدا بە (مارتو) کە بەمانای (الغرب- ڕۆژئاوا) دێت هاتووە.

ئەو ناوە (أمورو و عمورو) بۆ زاراوەیەکی جوگرافی ووڵاتی شام دەگەڕێتەوە، جیا لەوەی کە ناوی خوداوەندی نەتەوەیی ئەموریەکانیش بوو، وە بۆ یەکەم جار، واتە ئاماژەکردن بەناوەکەشیان بۆ دەقەکانی سەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی دەگەڕێتەوە.

### سەرچاوە نووسراوەکانی مێژووی ئاموورییەکان

أ- دەقەکانی مسماری سۆمەری و ئەکەدی.

ب- نامەکانی (تل العمارنة) لە میسر.

### مێژووی سیاسی ئامووریەکان

دەقە مسمارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ئامورییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز کۆمەڵێک کۆچەر (البدو) بوونە، لە شێوەی گروپی کۆچەری لە بادیەی سوریاوە بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری میزۆپۆتامیا هاتوون، کە دەووترێت ناوچەی (دیرالزور) لە سوریا شوێنی ڕەسەنی هۆزە ئامورییەکان بووە، بەڵام لە سەردەمی ئەکەدییەکان (٢٣٧١- ٢٢٣٠ پ.ز) بەشێوەیەکی بەرفروانتر بەرەو ڕۆژهەڵات هاتوون، و مەترسی لەسەر ئەکەدییەکان دروستکردووە، بۆیە شەڕیان لەگەڵ ئەنجامداوە و هەوڵیانداوە دووریان بخەنەوە.

لە کۆتایی سەردەمی ئەکەدییەکانیش لە ناوچەکانی (جەزیرەی فوراتی) بەردەوامیان هەبووە، لەسەردەمی بنەماڵەی (ئۆری سێیەم ٢١١٣- ٢٠٠٦پ.ز) بۆ ناوچەکانی ناوەندی دۆڵی رافیدین لە شێوەی کۆچکردنی یەک لەدوای یەک بەقۆناغ هاتوون و بڵاوبوونەتەوە. ئیتر بەم جۆرە دوای زۆربوونیان توانیان ئیمارات و دویلاتی زۆر دروست بکەن لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و سوریا، لەوانە:

١- مملكة إشنونه (تل اسمر)   ٢- مملكة أشور   ٣- مملكة بابل (١٨٩٤- ١٥٩٥پ.ز)

٤- مملكة ماری   ٥- حلب   ٦- قطنة (تل المشرفة)

جگە لە هۆزەکانی هکســـوس کەوا دەگوترێ بەشـــێکن لە هۆزیکی البدوی ئامورییەکان، توانیان لە ســـەدەی ١٨ پ.ز بچنە نێو میســـر و نزیکەی ســـەد ســـاڵ (١٦٧٤- ١٥٦٧ پ.ز) حوکمڕانی چەند ناوچەیەکی میسر بکەن.

دەســـەڵاتی زۆربەی ئیمارات و دویلاتە ئامورییەکان لە ناوەڕاســتی هەزارەی دووەمی پ.ز لاواز بوو و کۆتـاییـان پێ دێـت، لەبەرئەوەی نـاوچەکە دووچـاری ململانێ و پێکـدادانی حیسیەکان (حیثەکان) لە بلادی ئەنادۆل و باکووری سوریا، و حورییەکان و میتانییەکان لە جەزیرە و باکووری سوریا، و میسرییەکان لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بۆوە.

## شارستانیەتی ئامووررییەکان

ئامورییەکان لەســـــەرەتای پەیدابوونیان کۆچەر (البدو) بوون و، کشـــــتوکاڵیان نەزانیوە و نیشـتەجێ نەبوونە، بەڵکو هەمیشـە لەکۆچکردن بوونە، خەریکی ئاژەڵداری بەتایبەتی (مەڕو مالات)بوونە، و لەسەر بەرهەمی شیری ئاژەڵ ژیاون، بەڵام پاش ئەوەی ستقراریان کرد و کەوتنە ناوچەکانی سـۆمەری و ئەکەدی فێرە مەدەنیەت و نیشـتەجێبوون بوون و هەڵسـان بە بنیاتنانی ئیمارات و دویلات کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە شـارسـتانیەتی میزۆپۆتامیاو وڵاتی شام.

**زمان:** زمانی ئامورییەکان بەشـــێک بووە لە زمانی (ســـامی ڕۆژئاوا)، بەشـــێک بووە لە زمـانەکـانی بـاکوری ڕۆژئـاو کەنزیـک بووە لە زمـانی کەنعـانیەکـان، زۆربەی زانـایـان بەئـامورییەکـانیـان دەووت (کەنعـانیە ڕۆژهەڵاتیەکـانـە)، بەڵام ئـاموریەکـان هیچ دەقەێکی نووســـراو و ئەدەبی تایبەت بەزمانی خۆیان بەجێ نەهێشـــتووە، بەڵکو مســـماری و زمانی ئەکەدی بەکارهاتووە.

**ئایین:** خوداوەندیان زۆربووە و کاریگەری سۆمەری و ئەکەدی لەسەر بیروباوەڕی ئاینیان هەبووە، جگە لە ئاییني ناوچەکانی ســـوریا، دیاردە ســـروشـــتیەکانی پەرســـتووە، وەک خوداوەندی (مـانـگ، ڕۆژ، بـا، بـاران، ئەســـتێرە)، خوداوەند (مورو- مـارتو) خوداوەندی سەرەکی بووە، هەروەها خوداوەند (لیم، دغن، أبیخ، دجان، رشف (فینیقی بووە)، و (عشتار).

**بیناسـازی:** پاشـماوەی شـوێنەواری تایبەتیان لە عێراق و سـوریا بەجێماوە، وەک: (پەیکەر، کۆشک، تەلار، کەلوپەلی شوێنەواری هونەری).

**دووەم: مێژووی (الكنعانيون والفينقيون)**

کۆنترین هۆزن لە سامی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکانی فەلەسطین و کەنارەکانی دەریا نیشتەجێ بوونە، کەنعانییەکان بەشێوەیەکی گشتی  دابەش دەبن بەسەر:

١- فینقیەکان: لە ناوچە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاســت ڕۆژهەڵات (کەنارەکانی ســوری و لبنانی)

٢- ئەموریەکان: ناوچەکانی ناوەوەی سوریا و بەرەو چیاکانی لبنان و فلسطین.

٣- المؤابيون: ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو (الميت).

٤- العبرانيەکان: جنوب و ناوەڕاستی فلسطین.

٥- العمونيون، ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئوردن.

کەنعــانیەکــان و فینقیەکــان بەدرێژایی مێژوو نەیــانتوانی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکگرتوو دابمەزرێنن، چونکی دەســەڵاتیان دابەشــکراوە ســەر چەند دویلات و میرنشــینی بچووک، ئەمانەش بەردەوام لە دژی یەکتر بوونە جگە لە هێزی حوریەکان کە هەردەم مەترســـیان لەســەر ناوچەکە و شــارە کەنعانییەکانی وەک (طرابل، بترونا، جيل، بيروت، صــيدا، صــور، عرفه، عسقلان، مجدو، اورشليم، قاديش، اوغاريت و ارادوس) دروستکردووە.

**زمان و نووسین:**

زمانی کەنعانی بوو، کە زمانی ســامی یە و نزیکە بووە لە ســامی باکوری ڕۆژئاوا، زمانی کەنعانی بڵاوبۆتەوە لە خاکی کنعان (الأرض كنعان) فلســـطين، کەناری ڕۆژئاوای لبنان، باشووری ڕۆژئاوای سوریا.

تاکە زمان و للهجە کە مایتەوە لە کەنعانییەکان زمانی (عبری) یە و نووســـینی و کتابەی فینقیەیان دانا کە داهێنانی پیتی (ئەبجەدی) بووە، واتە (الحروف الابجدية).

جگە لە ڕۆڵیان لە بواری ئەدەبی و نووسین کە پاشماوەی نووسراوی زۆری سرودی دینی و شاکاری ئەدەبی جۆراوجۆر دۆزراینەوە ل شارە کۆنەکان.

ئایین:

دیارەدەی ســروشــتیان دەپەرســت و خوداوەندیان زۆر بووە، لەوانە (ایل) (اشــيرة) عشــتار (بعل)، پاشماوەی پەرستگای زۆر دۆزرایتەوە لە ناوەچکانی (بيسان، اريحا، مجدو). طقوس

و عاداتی دینی زۆریان هەبووە وەک (خۆشـــتن و طهارء)، ســـروود و موســـیق لە بۆنە ئاینییەکان کراوە.

لایەنی ئابووری:

کشـــتوکاڵ و ڕاوەماســـی و بازرگانی دەرەکی ســـەرچاوەی ســـەرەکی ئابووری دەوڵەتی کەنعانی و فینقیەکان بۆوە. هەرچەندە خاکی کشـــتوکاڵیان زۆر نەبووە، بەڵام دەبینین هەوڵیان داوە گشـــت ناوەچکانیان اســـتخلال بکەن بۆ چاندن تاوەکو ناوچە چیایەکان لە بەرووبوومی (سێو، هەنار، هەنجیر و زەیتون).

جگە لە کشـتوکاڵ و ڕاوەماسـی لە بواری پیشـەسـازی شـارەزابوونە بەتایبەتیش لە (فخار، الاحاج، صناعە النسیج، کەشتی دروستکردن).

هەروەها لە بازرگانی دەرەکی ڕۆڵیان هەبووە، لەبەرئەوەی خاکیان تەسک و ڕووبەری کەم بووە، ئەمەش ناچاریکردوون ڕوو لە دەرەوە بکەن لە ڕێگەی (البر والبحر) و توانیان دەست بەسەر ریێگا بازرگانیەکان بگرن، بەتایبەتیش ڕێگای دەریایی، بەهۆی:

١- شارەزاییان لە دەریاوانی و ڕێگاکانی.

٢- بوونی کەشتی زۆر و دروستکردنی، بەهۆی زۆری دار لە وڵاتەکەیان.

٣- شارەزاییان لە ئەستێرەی القطبی بۆ دەست نیشان کردنی ئاراستەکان دەریا، تەنانەت یونانییەکان ناویان لە ئەستێرەکە نابوو (فینیقیەکان).

٤- دەست بەسەر داگرتنی الملاحە البحریە بەهۆی شارەزاییان.

٥- دروســـتکردنی مســـتعمراتی خارجی تجاری زیاتر لە ناوچەکانی وەک: اســـبانیا، تونس، افریقیا بەگشتی شمال افریقیا و صقلیە و سردینیا، أریجە.

جگە لە ڕێگای دەریای توانیویانە بازرگانی ووشـــکانیش ئەنجام بدەن لە ڕێگەی (ارها، النصیبین، خلیج فارس).

## سێیەم: ئارامییەکان

چەند هۆزێکی کۆچەری بوونە، لە ناوچەی جەزیرەی شیمال نیشتەجێ بوونە، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ئەو هۆزانە بەردەوان لەگەڕان دابوونە لە نێوان ســـوریا و عێراق، بەڵام دەبینین لە ناوەڕاســـتی هەزارەی دووەمی پ.ز، واتە ١٥٠٠ پ.ز، ئەوانە لە ناوچەی فوراتی ناوەڕاســـت نیشـــتەجێ بوون، ئەوە بۆچوونی جیاواز دەربارەیان هەیە، هەندێ دەڵێن جەزیرەی عەرەبی یان شام کۆچیان کردووە بە قۆناغ و پاشان بڵاوبۆنەتەوە لەناوچەکانی میزۆپۆتامیا و ناوەڕاســـت و باکووری ســـوریا و باکووری ئوردن و لوبنان، کۆچکردن بەقۆناغ. ســـەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ئارامییەکان لە ئارام هاتووە، نازانرێ کە ناوی ناوچەکە بووە یاخو ناوی کەسایەتی یان ناوی هۆز بووە.

ئەوانەی دەڵێن ناوەکەیان بۆ کەســـایەتیش دەگەڕێتەوە ارام کوڕی ســـام بن نوح بیت، لە دەقەکانی میســـری بە اخلامو (احلامو) لە دەقەکانی تل العمارنە، ســـەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بەمانای هاورێ دێت، ئارامیەکان گروپی جۆراوجۆر بوونە، لە ناوەڕاســـتی هەزارەی دووەمی پێش زانیینی بڵاوبوونەتەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان.

گرنگترین سەرچاوە لەسەر ئارامییەکانیش بریتین لە دەقەکانی پاشاکانی ئاشووری و بابلی دەقەکانی نســـوســـی حیســـیەکان جگە لە نســـوس و دەقەکانی میســـرییەکان. ئارامەکان و شـــارەکان و امارەتەکانی ئارامی کردووە، بەپێی ئەو دەقانەی کەباســـمان کرد، ئەو قەبابیلە ارامیانە لەسەدەی ١٤ و ١٣ پ.ز توانیویانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست بەسەر زۆربەی ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و باکوری ناوەڕاستی سوریادا بگرن، بەتایبەتیش لە نزیکەی ١٢٠٠ تا ٧٣٢ دەسەڵاتی ئارامیەکان دەمینێ.

بۆیە دەبین بەدەیان دویلات میرنشـــینی ارامی دروســـتکراوە لە ناوچەی جۆراوجۆر چ لە عێراق و ســـوریا و لوبنان وەکو نموونە ئارام نەهراین یەک لە دویلاتە بەناوبانگەکانە کە لە نێوان فورات و خابور بوو، فدان ئارام لە ناوچەی حەران، ئارام سوبا لە ناوچەی بیقاء بوو، ارام محکە رحوب لە ناوچەی جبل شیخ، دویلاتی ئارامی لەناوچەی حەما و حەلەب.

گرنگترین دویلەی ئارامییەکان ئارام دیمەشـــقە، کە ناوەیەکی زۆر حوکمی کردووە دواتر لە ٧٠٢ بەدەستی ئاشورییەکان دەروخێ، جگە لەو ئیماراتانە ئاماژە بە ئیمارەی تریش دەکرێ لە ســـەرچاوەکاندا، یەک لە دەولەتە ناوبانگەکانی ئارامی بابلی نوێ یە، بەڵام ئەوانە جیاواز بوون لەبەرئەوەی کلدو بوون کە دەولەتی بابلیان دروست کرد.

بەپێی ئەو دویلات و ئیمارانە ئارامییەکان نەیان توانی دەولەتێکی یەکگرتوو دروست بکەن، هۆکارەکەشی بوونی ئاشوورییەکان بوو. جگە لە بوونی هێزی گەورەی تر وەک حیسی و عیمرانیەکان کە وایان کرد بوونی ئەو هێزە گەورانە کە زختێکی زۆر لە سەر ئارامیەکان دەگرت، بۆیە بەدەیان ئەمارەتی جۆراوجۆر و بچوکیان دروستکردوە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ و نەک بەشیوەیەکی یەکگرتوو.

هەرچەندە دەبینین ئارامیەکان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە بەهێز نەبوونە, لەبەرئەوە قەبائیلی بەدوو بوونە لە توانایاندا نەبووە ململانێ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن واتە ئاشوورییەکان و حیسیەکان. بەڵام لەڕووی شارستانیەتی یەوە کاریگەری زۆریان هەیە بەتایبەتی لەڕووی زمانی, زمانی ئارامی توانیان بەشێوەیەکی بەربڵاوبنەوە لە هەموو ڕۆژهەلاتی کۆن, کە مێژوویەکی دوورو درێژیان بۆخۆیان پەیدا کرد , هەروەها خاوەنی شارستانیەتێکی خالس نیینە بەلکو زیاتر لە ژێر کاریگەری شارستانیەتی کەنعانیەکان و فینیقیەکان و عموریەکان. بۆیە کاریگەریان لەهەموو ڕوویەکەوە بەسەریانەوە بووە، بەڵام توانیان پارێزگاری لەزمان و لەهجەی ئارامی بکەن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەروەها توانیان کاریگەری ئەو زمانە لەسەر هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کۆن بچەسپێنن.

بێگومان زمانی ئارامیش لقەک بووە لە زمانی گشتی سامی ڕۆژئاوای، کە بڵاوبونەوە لەباکوری رۆژئاوای میزۆپۆتامیا لەناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایین.

لەسەدەی یازدەهەمی پێش زاین زمانی ئارامی دوو لەهجەی سەرەکی یە لە هجەی شرقی لە دۆلی فورات کە ئەویش مەندای و سریانی بوو، لەهجەی دووەم لەهجەی غربی ئەویش تەورات و ئینجل. دەبینین لە زۆر ناوچە دەبێتە زمانی سەرەکی دەولەت هەم نووسینەکەش دەبتە زمانی ڕەسمی زۆر ناوچە و دەولەت. واتە هەم زمان هەم نووسین.

کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە ئارامییەکان لە ڕێگەی زمان و نووسینیان لە ناوچەکان بڵاوبوونەتەوە, وەک دەولەتی ئاشوور و فارسە ئەخمینیەکان کە ئەمانە دەقیان بەجی هێشتووە بەزمانی ئارامی بەتایبەتیش لە سەردەمی دارای یەکەم کە دەقی زۆری هەیە بەزمانی ئارامی نوسییوە. کە بریتین لە دەقی معاملات و بازرگانی هەم لە دەولەتی ئاشوور و لە دەولەتە ئەخمینیەکان و لە سوریا. هۆکاری سەرەکیش بڵاوبوونەوەی ئەم زمانە بەو شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگەی بازرگانی, ئەویش خەلکی ئارامی دەورێک و شارەزاییەکی زۆر باشیان هەبوە لە خیبرەی بازرگانی بەتایبەت بازرگانی ووشکانی. لەگەل میسر و عێراق و خلیجی عەرەبی. شارەزاییان لەووشکانی بۆ ئەوە دەگەرێـوە لەبەرئەوەی کەنعانی و فینیقیەکان بازرگانی دەرياييان بۆ خۆيان قورخ کردبوو.

هەروەها نووسینی ئارامی بوە ئەساسی زۆر نووسینی ناوچەکانی تر ئەو ئەجدیەی ئارامی پێ نووسراوە بۆ بنەچە بۆ نووسینەکانی تری وەک یەهودی و عەرەبی شیمال خەتی نبطی کە بەشیک بووە شێوە و شکلی لە ئارامی وەرگیراوە کە قورئانی پێ نووسراوە, هەروەها ئەرمەن و فارس و هیندەکان چ پەهلەوەی و چ سـکلریتی کە ئەسـاسـیان لە ئارامی وەرگیراوە, بۆیە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە ئارامییەکان خزمەتێکی زۆر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن کردوە و تا هاتنی عەرەبە موسـلمانەکان ماوەتەوە, هەروەها زمان و نووسینی ئارامیش زمانێکی پیرۆز سەیر کراوە چونکی زۆر کتێبی ئایینی و پێغەمبەر عیسا بەزمانی ئارامی قسـەی کردووە و کتێبی ئینجیل ... بەزمانی ئارامی نووسـراوە, بۆیەش بەچاوێکی پیرۆز سەیری زمانی ئارامی و خەتی ئارامی کراوە.

لە ڕووی پاشـماوەی شـوێنەوارییان, سـەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە پاشـماوەی شوێنەواریان کەمە بۆ ئەوە دەگەرێـوە کە وەرقی بەردی بەکارهێناوە ئەمەش بوە هۆی فەوتانیان,

**لەڕووی بیروباوەری ئایینی**

ئارامییەکان وەکو هۆزەکانی تری ڕۆژهەلاتی کۆن دیاردە سروشتیەکانی پەرستووە (مانگ, رۆژ, با, ئەسـتێرە .... ) کاریگەری زۆر هۆزەکانی تری لەسـەر بووە وەکو کەنعانی و عامورییەکان و فینیقی هەورەها کاریگەری بیروباوەری ئایینی میزۆپۆتامیانیش لەسـەر بووە, بۆیە دەبینین هیچ جیاوازییەکی وا لە نێوانیاندا نییە. خوداوەندەکانیان (هود هود) (اتری خست، عشتار، ئیل, شمش, رشوف, بعل شمی, روکا).

بایەخیان بەپەرستگا داوە و دروستیان کردوە لەزۆر ناوچەی باکورو ناوەڕاستی زۆر لە سوریا, زۆر گرنگیان بەبیروباوەری ئایینی داوە.

ئارامییەکان تا سـەدەی ٨ پ.ز دەوریان دەبی و ناویان دێـــ بەڵام ٧٣٢ پ.ز نەیانتوانی بەردەوام بن و دویلاتەکانیان دەروخا, کە ئاشوریەکان ئارام دیمەشقیان لەناوبرد. کە کۆتا دویلەی ئارامی بووە.

بۆیە ئاشـوورییەکان هۆکاری سـەرەکی لەناوچوون ئارامیەکان بوون لە ناوەڕاسـت و باکووری سـوریا.هەروەها حیسـی و میسـرییەکان و عمرانییەکان. بەڵام پاشـان لە عێراق دەولەتێکی گەورە دروسـت دەبێت بەناوی بابلی نوێ و کلدانی بەسـەرکردایەتی ابو نايد و نبو خضنسر.